# دەستمان بۆلی نوورو تەوقە

ئیسماعیل خورماڵی



چون پەروانە لەبەر باخا
بەدیار وەعدەی لای خونچەوە هەڵدەبرژێ
چون(با) شانی دۆڕان دەگرێ ، بەدیار کوشتگای مەکری گوڵەوە
منیش بە دیار کەنیشکێکیی ، سەرسیلە مەکری غوربەت و تەنیاییەوە
وەنەوشەی نەفەسەکانی مونتەزیربوون پەڕپەڕدەکەم
ئێوارەت باش ئەی تەنیایی ،
ئەی پەرێزی بەر ماڵەکانی دووکەڵ و عیشق
ئەی شیوی پڕلە قەتاری تاڵاییەکان
ئەی پەرێزی خاڵخاڵ بە خەیاڵی ڕووتبوونەوەی گوڵ وزریان
ئەی تەنیایی ، ئەی شیرین ترین موسافیر وە بەر ماڵەکانی ڕۆحم

ئەی حافزی هەمووبەیتی غەریبانەی ئێرە و ئەوێم
شەریکم بە
لەگرەوی ئەو گوڵانەی لە شیعرێکدا دەیانچێنم
ئەوگوڵانەی لە پێچی سرکەیی شیعرێکدا دەیانپێچم
لەماسی ئەوجۆگەلانەی ،
لەبەر پیری بە مەجبووری
گزی لە مناڵیم دەکەم !
شەریکم بە ئەی تەنیایی
لەهەناری ئەو شیعرانەی
لەچنگ کەنیشکە عاشقەکان دەیانفڕێنم
لەجریوەی ئەو باخانەی ،
بە قومێ ئاو ، لە باڵندە ڕووخۆشەکانی دەسێنم !
شەریکم بە  ئەی تەنیایی
لەوسەمایەی چەن ساڵێکە ،
هزرم بەشین دێنێتەوە و
نیگام بە پیری دەبەخشێ !
ئەی تەنیایی
دەس لە چیغی پەرژینی ئەودیوم بەردە و
شەریکم بە
بێرە ئەم دیو
تەواشای عارفی دڵکە ، بە دەفی خوێن و عیشقەوە چۆن دەسووتێ
سەیری زکری گوڵ وبا کە ، بە زرکی گوڵ دڵۆپەوە ،لەویقاری چ حاڵێکدان !
وەرە ئەم دیو ئەی تەنیایی ، دەس لەو گوڵانە هەڵگرە
بە ئەفیوونی کەمێ عەتر فەنات دەکەن !
دڵت بە سەلەمی ئە و پەروانانە مەبەخشە
ڕەنگە بەشی خۆیان ، هەڵفڕینیان بە دووباڵەوە نەمابێ
بەدیار گێژیی چەمێکەوە هەڵمەتروشکێ
نەقومێ ئاو ، نەبەخشینی ماسییەکیان لە چنگان دێ!
وەرە ئەم دیو ئەی تەنیایی ،
من بە تەنها هەر ئەو سوارە ڕەشپۆشەنیم کە دەمناسی

من به تەنها ئەو داره هەڵپاچراوه نیم که دەمناسی
تەواشا چ مەخلووقێکی عەیار و چ باخێکی به گوڵ پۆشراوم
چ ماسییەکی به مەکری جۆگەکانی زەردەپەڕم و
پێچی چ باخێکی کوێرم ،
بۆ جێ داڵدەی
ئەوتەیرانەی له چەنگی با و باران هەڵدێن!
تەواشا چ ئاگرێکی سەوزەڵانم لەدەوری خەرمەنی ژیان !
وەره ئەم دیو ئەی تەنیایی
شەریکم به لەو شیعرانەی
به سروودی هەڵبرژانی ڕەزو تاوێر ناو زەن بووگن
به سروودی هەڵقرچانی دڵی عاشق ناوزەن بووگن
به نامەی ئاگراوی نێوان ، کوڕ و مێ مێخۆشەکانی وڵات ناو زەن بووگن
چیتر ئەی تەنیایی
به هامڕایی ئەو قاژووانه غافڵ مەبه
سەرم بەر دەنووکی پیری دەدەن
لەپەناوه
له چاوانما چاوی عیشق هەڵدەکۆڵن !
گەر دەتوانی ئەی تەنیایی قەرزی شەوێ ، دەسەڵاتم له خوا پێ به
بەشی ئێوارەیەک هەڵفڕینم له پەروانه پێ به
بەشی عومری ماچێکی تەڕ ،جرێوەی تەیرانم پێ به !
گەر دەتوانی ئەی تەنیایی ، بمدەره بەر لێزمەو تاوی شیعرێ
نه به ئاگری ئەم دنیا و نەبه ئاگری ئەو دنیا وشک نەیەم
گەر دەتوانی ئەی تەنیایی
هەتاجامی بەیت و عیشق قەڵا دەبێ
لەگێلاسی بەرمەمکانەی هەوەڵ چۆڕی سنگی بەهار
سەمای ئاگرێکم بەش به ،
بەفر و کەنیشک و ئێواره پێی ڕانەگەن !
وەره ئەم دیو ، ئەی دۆستی هەمیشەیی من
کەم وه گوڵخانه قاڵس به تۆ
کەم به نازی پایزان بنازه تۆ

گوڵ سێبەری عەتر نەکا  و  کەپر بۆڵی تازە نەگرێ
ژیان پڕ دەبێ لە بۆن و لە دووکەڵی مردن
بەرهەیوانی ماڵەکانی بەهەشت
بە سێبەری جەلاد وخوێن هەڵدەئاوسێن !
گەر پەروانە
بەداستانی مێلاقە و با ئاسمان نەبڕێ و
با هێلانەی لە ستیانی گوڵان نەبێ و
کەنیشکان چاویان بە کلی ، ئەوینی خاک قەتران نەبێ
متمانەت بێ ئەی تەنیایی
عیشق پۆلێکی داخراو و
قەیاغی چەمێکی وشکەڵ دەبێ !
گەر ئێواران ئەی تەنیایی ،
بە لاسەری موحیبەت وئەوینێکی شێتانەوە
ووڵات بۆنی نارنجێکی گەیوو نەدا و
لەودیو تەنافی فەنابوون و ژیانەوە
تەنافێ بۆ حوزنی ئەم خاکە هەڵنەخرێ
متمانەت بێ ئەی تەنیایی ، ئەو دەمانە
ئەوین بە شەمامەی دۆوکە گرتووی ،  بێستان دەچێ و
عیشق دیسان پۆلێ داخراو ، قەیاغی چەمێکی وشکەڵ دەبێ !
وەرە ئەم دیو ئەی تەنیایی
وەرە دیوی ئەو باخچانەی
پڕن لە ڕووت بوونەوەی باران و جریوەی ئاڵ !
وەرە دیوی ئەو شیعرانەی ،
پڕن لەئاگر و لە کانیلە و قوڵپی هەوەس !
وەرە دیوی ئەو جۆگانەی ،
باخەڵیان پڕە لە ڕەسمی چڵە گیاکان !
وەرە ئەم دیو ئەی تەنیایی
تەواشی خەوی باران و جەنگەڵان کە بە یەکەوە
تەواشی دەشتی قەڵەم و ،
فڕکەی چۆلەکەخەنەییەکانی پایز کە

تەواشاكە ، سەیری سوتانی نهێنی و ئاگری سەر قەڵای شەو كە !
چیتر ئەی دۆست
بە دیار فانۆزی ئەو گۆڕانەوە هەڵمەتروشكێ
ڕۆشناییان ماڵی گەلایەكت ڕۆشن ناكەن !
بەدیار مەرگی ئەو ئاوانەوە ،
سیا چەمانە بۆ ئەوماسیانە مەچڕە
لە میحنەتی ئەو هەموولافاوانەدا
هەر گەلایەكیان فێرە مەلە نەكردی !
لەو باخانە گەڕێ ئەی تەنیایی
لە بوونەوە ئاونگێ لە عەتریان تێ نەكەوتووە !
لەو هەورانە گەڕێ ئەی تەنیایی
لە بوونەوە نمەیەكیان بە ئاسوودەیی نەبەخشیوە !
لە بێستان وعەتر وهەوران گەڕێ ،
بێرە ئەمدیو ئەی تەنیایی
لەجەستەی هەپروونی من بڕوانە ، بەسەر ئەم یاڵەوە
گوێ بۆ زریكەی من هەڵخە
لەو دیو ئەشكەوتی ئەو شەپۆلە شێتگیرانەوە !
وەرە ئەم دیو ئەی تەنیایی
لەم گوێ بانە كۆتری ئەم وەسێتانەم هەڵفرێنە
لەتەک پەڵەی مەرگی منا
دڵت پڕكە لەعەتری گیابڕینی هەناسەو
گوێكانت پڕكە لەسۆزی دواگۆرانی و لەزریكەی دۆستانی من
خۆت هەڵچنە ئەی تەنیایی
بە سێوە لا سوورەی ئیملا و هەرمێ ی حوزن !
خۆت بە ڕەنگ كە
ئەی تەنیایی
لەوڕەنگانەی لەناو ڕەنگا ڕەنگیان نییە !
نەبا ئەی دۆست ، منیش وەک پەروانە بەجەنگی با بڕۆم
وەكو شەونم بە جەنگی ڕۆشنایی بڕۆم
نەبا ئەی دۆست بۆ یەكجاری

له ناو ئەو هەموو کەرە گەڵا دا بزربم و نەمبینیەوە !
نەبا ئەی دۆست
بە نێو کوچەی ئەو ماڵە داخراوانەدا ، بێیت و  بزر بیت و نەتبینمەوە !
نەبا ئەی دۆست بۆ یەکجاری
لەناو دەفتەری چەماندا
لە ناو دێڕی گیا بەمەکرەکانی ئاوا بمبینییەوە
نەبا ئەی دۆست ، ئەوبەرچەواڵم بە دیار پیربوونی نیشتیمانەوە نەبینی و
هەڵاژانم لە ژێر کەپری گلەییدا نەبینییەوە !
پەلەکە ئەی دۆست ، ئەی دۆستی هەمیشەیی من
گەر تۆ هەناری داوەریوی ئەم ڕۆحەم بۆ نەچنیتەوە
من ناگەمە بەلەمی سەوزایی لە ئاوی پایزدا
بە قەیاغێ  بۆ پەڕینەوەی ئەوبەری ، ڕووبارەکانی گوڵستان!
گەر تۆ  ، نەبی بە خوڕەمی عیشق و
سیگارێکی پێچراوە بە مەکری دوکەڵ بە لێومەوە نەنێی
من چۆن دەتوانم بەتەنیا ، شەوی ناو کانە خوێ و زام بە ڕێ کەم !
من چۆن دەتوانم بە تەنیا ،خۆم بەم لە ئاوی ئەو هەموو حەسوودەتە
حەسوودەتێ
کە حەسوودەت بە هەنارێ دەبا
کە کووت ومت بە ڕەسمی مەمۆڵەی پەریان دەچێ
بە جۆلانەی ئەوپیاوە گەیوانەی ووڵات
کە شتاقیان جامە ژەهری شمشێرێکیان پێ نارێژرێ و
دڵی دووپشکێکی بیابانیان پێ ناشکێ
ئاخەر بڵێن
ئەوان کەی بە چاوی عیشق ، لە جامی سەوزایی دەڕوانن !
لەسەمای گەنم و باران هەڵدەڕوانن
ئاخەر بڵین بیابانی
چی لە نازی هەنار حاڵی دەبێ و
چی لە خەوی گەڵاو سێبەر فێر دەبی !
ئاخەربڵێن ، بیابانی کەی دەتوانێ
لە ئەبیاتی مار ودووپشک دەرچێ

کەی دەتوانێ ،لەسەر پشتی کیسەڵەکانی خەلافەت شان هەڵگرێ!!
یاخێم لێتان ، وەک چۆن یاخیم
لەقەدەری نیشتیمان و
لەقەدەری دار هەڵووژەکانی گوفتی دایکم
ئای دایە گیان ، عەتری ڕیحانەی ژێر چەنەت بەخێر
ئێستە بۆنی (شویت)ی فەرموودەکانت دەکەم ،
کەدەتفەرموو
ڕەشتاڵەکەی دایە
ڕۆژێک دادێ
لەگەمەی ئەم مشکی بازانە حاڵی بی
بڵێی دایە ، ئەمێستاکە بە پێڵاوی ئاسنینەوە
بەسەر دڵی شکۆفەدا دەڕۆن ،
بەسەر چاوی چرۆکاندا دەڕۆن !
ئەمێستاکە بە دووچاوی ئاگرەوە ،
لەباخانی ژێر پرووشە هەڵدەڕوانن !
بڵێی دایە ، ئەمانە چین ؟
دانی شەونم وەکوو گەنم لەدەستاڕی دەدەن !
نیشتیمانی سەوزایی ناو پەپوولەکان ،
بە چیمەنی بزمار دەکەن !
بڵێی دایە ، ئەمانە چین ؟
عەتر دز و
بەهار کوژو
جەلاد دۆستن !
باسکردنیان چ جەنگێکی بەر بڵاو و
دۆڕاندنمان چ عەیبێکی وەک تڕاح و زەبەلاحە!
زەمانێک دێ بڵێی دایە
ئەم خودایە کەی بەرچنەی ئەم تاریکییە هەڵدەڕێژێ؟!
ئەی دایە گیان ئێمە تاکەی ئایەت و نان وەک یەک دەخۆین؟!
ئۆی ڕۆڵەگیان سەدان ساڵە
ئەم هووشترانەی بیابان

لەبەر ئاوێنەی چیادا
خۆیان بە ڕند دەکەن !
بەسەردڵی بێ دڵاندا
دووپشکی ئەو بیابانە
خۆیان بە هەند دەکەن !
ئۆی ڕۆڵەگیان سەدان ساڵە ، بەدەس زوڵمی ئەو خێڵەوە
ئاومان ئاگر ، نانمان ئاگر ، نوێژی خواییشمان هەر ئاگر!!
ئۆی ڕۆڵەگیان سەدان ساڵە
ئەو میراوە خوێن بازانەی لای بیابان
(نیل) و (فوورات)ی باڕووتمان
لەسەر ئاژەن دەکەن !
ئێمەش ئێمەش وەک دەیبینی
هەر بەدڵی
بۆڵە(ترێ)ی شەونم گرتووی سپیدەوەپێدەکەنین !
نە با مان دیبێ و نە باران
هەر بە گوێی (گوڵ)لە(با) و (پایز) گوێمان دەگرین !
هەر بەدەستی جریوە وە تەوقان دەکەین !
سەدان ساڵە وەک درەختی پشت کۆماوەی ناوجەنگەڵان
ئاوین ، بۆ مەلەی تەوراسیان
دەمان بڕن و
بار بار
ڕۆحمان کەڵەک دەکەن !
ئێمەش تابێ
دەممان گوڵی تازەی ماچان دەگرێ و
دەستمان بۆڵی نوور و تەوقە!
ئۆی ڕۆڵەگیان سەدان ساڵە
وەک میلەتێک بین لە مشک
نوێ ترین دەرمانمان بەسەردا دەکەن !
وەک ئەوەی ئێمە لە نەوەی دووپشک بین ،
خۆشیان نەوەی پەروانەکانی فیردەوس بن

وەک ئەوەی ئێمە مەترسی زەمانێک بین
خۆیان ژیانێکی چاو کاڵ
خۆیان دنیایەکی پڕلە میهر و
خۆیان میلەتێکی خاباز وپەروانە باز بن !
ئۆی ڕۆلەگیان زەمانێکە ،
زەمانێکی هێن بە قەهرە
پێ ناچێ خواش فریای حووزنی ئەو هەموو مەخلووقە کەوێ !
پێناچێ کەس لە فێڵەکانی خۆی بگا
پێناچێ کەس بە میوەکانی ئازادی بگا !
پێ ناچێ کەس
پێ ناچێ کەس

بەهاری /2005/ئەڵمانیا